Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090322

# تەکنیک و ڕەهەندەکانی وەرگێڕان لە بواری میدیادا

**بەهات حەسیب قەرەداخی**

**ئازاد ڕەمەزان عەلی**

**بەشی تەکنیکی میدیا // کۆلێژی تەکنیکیی کارگێڕی //  زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر**

*Article Info*

Received: April, 2022
Accepted : June ,2022
Published :September ,2022

*Keywords*

تەکنیک وەرگێڕان، میدیادا، ڕەهەندەکانی وەرگێڕان.

*Corresponding Author*

bahat.ali@epu.edu.iq..
azadramazan@epu.edu.iq

پوختە

وەرگێڕان ڕێگایەکە بۆ لە یەکتر گەیشتن و پێوەندیکردنی زمانیی و جۆرێکە لە چالاکی مرۆیی، کە هەرلە کۆنەوە مرۆڤ بە مەبەستی ڕێکخستنی پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەریدا و بۆ دەستەبەرکردنی پێویستییە ژیارییەکانی کاری لەسەر کردووە. وەرگێڕان ؛ بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی قۆناغ بە قۆناغ سەریکێشاوە بۆ کایە جیاجیاکانی ژیان ( چ ماددی و چ هزری وڕوحی) و هێدی هێدی بنەما و یاسا و ڕێسای بۆ دارێژراوە تا گەیشتووە بەم سەردەمە. کە لەدیدێکی زانستی و هونەرییەوە لێیدەڕوانرێت و بۆتە زانستێکی سەربەخۆی خاوەن تیۆری و تەکنیک و ڕەهەندی فرەچەشن. یەکێ لەو کایە هەستیارە پڕ بایەخانەی، کە وەرگێڕان ڕۆڵێکی باڵای تێدا دەگێڕێت، کایەی میدیایە بە گشت دەرکەوتە و ئامراز و شێوازەکانییەوە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە لەڕووی تیۆرییەوە و بە پشتبەستن بە سەرچاوە زانستییەکان: چەمک و پێناسە، مێژوو، جۆرو تەکنیک و ڕەهەندەکانی وەرگێڕان، گرنگی و کۆسپ وگرفتەکانی بەردەم ئەم بوارە زانستییە بخەینەڕوو. دواتریش بەشێکمان تەرخانکردووە بۆ وردەکارییەکانی پرسی وەرگێڕان لە بواری میدیاداو هەندی نموونەی وەرگێرانی هەڵەی ناو میدیاو سۆشیالمیدیای عەرەبی وکوردیمان خستۆتە ڕوو.

**پێشەكی:**

كاتێ كە بە تێڕامانەوە لە كارو چالاكی كەناڵەكانی میدیای ئەم سەردەمە دەڕوانیین، لە زۆربەی بەرهەمە چاپكراوو بینراوو بیستراوەكاندا ، وەرگێڕان وەک كارەكتەرو توخمێكی هاوبەشی هەرە سەرەكی دەبینیین. بەدەگمەن هەڵدەكەوێت میدیاكاران و رۆژنامەنووسان (هەواڵسازان ، پەیامنێران ، پێشكەشكاران و پرۆدیوسەران و هتد..) سەر بە هەر نەتەوەو زمان و زارێک بن، لەهەر وڵات و كیشوەرێک بن، پەنا نەبەنە بەر وەرگێڕان لە زمانێكی بیانییەوە بۆ زمانی خۆیان، یان لە زمانی خۆیانەوە بۆ زمانێكی بیانی. ئەوەش بەهۆكاری ئاوێتەبوون و گرێدراویی رووداوو پێشهاتەكانی دونیای ئەم سەردەمە لەم پەڕی خۆرهەڵاتەوە تا ئەو پەڕی خۆرئاوا، لەو پەڕی باكوورەوە تا بە ئەوپەڕی باشوور دەگات. هەڵبەتە میدیای ئێمەی كوردیش بەدەر نیە لەو بارو دۆخە. بەدرێژایی شەوو رۆژ دەیان كەناڵی تەلەڤیزیۆنی و ڕادیۆیی ، ئاسمانی و ناوخۆییمان بەردەوام لەكاردان. بە سەدان و هەزاران كاتژمێر بابەتی بیسراوو بینراوو خوێندراومان بۆ پەخشدەكەن. بەشی هەرە زۆریشیان زادەی هزرین و داهێنانی خۆماڵی نین و لە چەندین زمانی بیانییەوە وەرگیراون و وەرگێڕدراون بۆ سەر زمانی كوردی. هیچ ژانرێكی ڕۆژنامەوانیی كوردی شک نابەین كە پێویستی بە وەرگێڕان نەبێت . هەواڵەكان، راپۆرتەكان ، لێدوان و ڕیپۆرتاژو دیدارەكان، ڕیكلام و بازاڕگەری و كلیپ و دراماو فیلمی دۆبلاژكراو، گشت ئەم ژانرو قالبە هونەری و ئەدەبیانەی بەرهەمی ڕادیۆیی و تەلەڤیزیۆنی، بەناچاری پێویستییان بە توخم و فاكتەرە ئەفسوونییەكە دەبێت كە ناسراوە بە ( وەرگێڕان ).

بۆیە توێژەران بە ئەركێكی ئەكادیمیی خۆیان زانی كە لەچەندین گۆشەوە لەم بوارە گرنگ و هەستیارە بكۆڵنەوە، بە ئومێدی خزمەتكردنی میدیا و میدیاكارانی كورد كە ناچارن ڕۆژانە پەنا بۆ وەرگێڕان ببەن،تا بە درووستی پەیامەكانی خۆیان و دەزگاكانیان بە جەماوەر بگەیێنن.

**كێشەی ئەم توێژینەوەیە :**

وەرگێڕان، كە ئامراز و پردی بەیەكترگەیاندنی كەلتوور و بەرهەمی هزریی نەتەوەو زمانە جیاجیاكانە، لە وڵاتی ئێمەدا نەک هەر وەک پسپۆڕییەكی بە بنەماو یاساو ڕێسا مامەڵەی لەگەڵدا نەكراوە، بگرە ئەوەندە بە سانایی و نازانستییانە ( بەتایبەت لە كایەی میدیادا) مامەڵەی لەگەڵدا كراوە، خۆی بووە بە كێشە و خەوشێكی گەورەی ئەوتۆ، كە پێویستە چەندین توێژینەوەی تیۆری و پراكتیكیی لەبارەوە بكرێت، تا ئەو كاتەی سەنگ و سەدای ڕەوای خۆی بەدەستدەهێنێت.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانیین سەرەكیترین پرسیارەكانی ئەم توێژینەوەیە بخەینەڕوو:

١. بۆچی بەدرێژایی مێژوو وەرگێڕان كاریگەریی هەبووە؟
٢. جۆرو تەكنیكەكانی وەرگێڕان كامانەن؟
٣. كێشەو گرفتەكانی وەرگێڕان لەمیدیایی كوردیدا كامانەن؟
٤. ڕێوشوێنەكانی بەرەپێشبردنی وەرگێڕان لە میدیای كوردیدا چین؟

**ئامانج لەم توێژینەوەیە:**

بە گوێرەی ئەو دەرفەتەی بۆ توێژینەوەیەكی زانستیی لەمجۆرە ڕەخساوە، بەپاڵ ناساندنی چەمک و پێناسە و مێژوو، گرنگی و جۆر، تەكنیک و ڕەهەندەكانی ئەم بوارە زانستییەوە، ئامانجمان دەستنیشانكردن و خستنەڕووی كۆسپ وگرفتەكانی بەردەم وەرگێڕانە باگشتی و بەتایبەتیش لە بواری میدیادا، بەو نیازەی لەڕووی تیۆرییەوە سوودێک ببەخشین بە وەرگێڕی كورد لە بواری میدیادا.

**گرنگیی ئەم توێژینەوەیە:**

لە ناوچەیەكی فرە كەلتووری و فرە فەرهەنگ و زماندا، كە چارەنووسی نەتەوەو میللەتان گرێدراوی یەكدین، توێژینەوەیەكی لەم جۆرە گرنگییەكەی لەوەدایە، كە هاوكاریی میدیاكارو وەرگێڕەكانی میدیای كوردی دەكات ، لە كۆششی بەردەوامیاندا بۆ باشتر لەیەكتر گەیشتن و باشتر بەیەكتر گەیشتنی كوردزبان و نەتەوەكانی دی، بەتایبەت دراوسێكانمان لەجیوگرافیاو هاوبەشەكانمان لە مێژوودا.

**میتۆدەكانی ئەم توێژینەوەیە:**

توێژەران لەم توێژینەوەیەدا بە پێڕەوكردنی میتۆدی مێژوویی، بەشێكی زۆر لەو سەرچاوەو توێژینەوە تیۆرییانەی كە پێشتر چ بە كوردی، یان عەرەبی، یان ئینگلیزی دەربارەی وەرگێڕان و وەرگێڕانی میدیایی نووسراویان بەسەركردەوەو هەوڵیانداوە لە ڕێیانەوە ، بگەن بە بەرچاوڕوونییەكی تیۆریی و تێگەیشتنێكی قووڵتر بۆ گشت لایەنەكانی پرس و كێشەی توێژینەوەكە .

**بەشی یەكەم:**

**چەمك و پێناسەی وەرگێڕان:**

وەرگێڕان بریتییە لەگواستنەوەی گوتار یان دەقێک لەزمانە ڕەسەنەكەیەوە كە پێی نوسراوە بۆ زمانێكی تر بە پابەندبوون بە گواستنەوەی وشەكان بە شێوەیەكی گونجاوو لێكچووی مانا ڕەسەنەكانیان بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی گۆڕانێک لە مانای دەقی ڕەسەندا، بنەچەی وشەی وەرگێڕان دەگەڕێتەوە بۆ زمانی لاتینی و مانای گواستنەوە دەگەیەنێت، بەڵام وەرگێڕ ئەو كەسە یان ئامێرەیە كە گوتار یان تێكست لە زمانی ڕەسەنەوە بۆ زمانێكی تر دەگوازێتەوە، هەر كەسێكیش شێوازی وەرگێڕانی خۆی هەیەو وەرگێڕ دەبێت لە وەرگێڕانی وشە بە وشە خۆی بپارێزێ چونكە دەبێتە هۆی شكستهێنان لە داڕشتنی دەقەكەدا.( ) Richard Nordquist , 2019.

وەرگێڕان هۆكارێكی گرینگە لە نێوان كۆمەڵگاكاندا و یەكێكە لە چالاكییەكانی مرۆیی، كە لە كۆنەوە كاری لەسەر كراوە. مرۆڤ سروشتێكی كۆمەڵایەتی هەیە و حەزی لە پێوەندیكردنە بە دەوروبەرییەوە، بە تایبەتی لە كاتی كۆچ و گەشتكردن بۆ شوێنێكی دوور لە ژینگەكەی خۆی، كاتێک پێویستی بەوە بووە ئاشنای ئەو كۆمەڵگایە بێت، بە ئامانجی جیاجیا، وەكو: بازرگانی و رۆشنبیری و ئاینی....هتد، بۆ ئاشنابوون سەرەتا پێویستی بە تێگەیشتن بووە، ئاشكرایە كە هۆكاری سەرەكی تێگەیشتن لە یەكتری زمانە، كە وەرگێڕان رۆڵی خۆی بینیوە.( منصور،محمد أحمد،٢٠٠٦،ص١٤-١٥).

لە دێر زەمانەوە بۆ مرۆڤ روون بۆتەوە، كە زمانەكان و كەلتورەكان تێهەڵكێشی یەكدی دەبن و پەیوەندییەكی ژیارییان لەنێواندا هەیە . وەرگێڕانیش لەم پرۆسەی بەخشین و وەرگرتنەدا بەشدارییەكی بەرچاوی

کردووە. ئادەمیزاد لەو کاتەوە هەستی بە گرنگیی وەرگێڕان کرد، کە زانیویتی خەڵکانێک هەن جیاواز لە زمانی ئەو قسە دەکەن و ئەو جیاوازییەش یەکێکە لە ڕێگرییەکانی بەردەم تێگەیشتن و بەیەکگەیشتن و ئاڵوگۆڕی بیرۆکە و ئەزموون لەنێوان خۆی و ئەوانی دیکەدا. وەرگێڕان یەکێکە لە هونەرە ناوازەکان و هەر لە کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ گرنگی و بەرزیی ئەم هونەرە دیارە، بە تایبەتی لە سەردەمی جیهانگەراییدا، چونکە هۆکارێکە بۆ ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و شارستانیەت و داب و نەریتی گەل و نەتەوە جیاجیاکانی جیهان و ئاشنایەتی لەنێوانیاندا. وەرگێڕان هۆکارێکت سەرەکییە بۆ دامەزراندنی مامەڵە و هاریکاریی بازرگانی و پیشەسازی و سەربازی و دیپلۆماسی لە نێوان وڵاتاندا، لە هەمانکاتدا هۆکارێکی گرنگیشە بۆ دەوڵەمەندکردن و پێشخستنی زمان لە ڕێگای شارستانیەت و ڕۆشنبیری میللەتانی ترەوە . (مندي، جرمي، ٢٠٠٩،ص١٨ )

(وەرگێڕان) لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی (Translation) ی بۆ بەکاردێت کە لە ئینگلیزیی سەدەکانی ناوەڕاستەوە وەرگیراوەو ئەویش ڕەگوڕیشەی دەچێتەوە سەر وشەی لاتینیی کۆن(Translatus) بە واتا: گواستنەوە بەسواری کەڵەکی ئاوی . واتا ئەرکی وەرگێڕ گواستنەوەی مانای وشەکانە لەو کەنارەوە بۆ ئەم کەنارە. (أسامة اسبر ، ٢٠٢٠). پێناسەی زۆر و جۆراوجۆر بۆ وەرگێڕان کراوە، هەندێکیان جەخت لەسەر ئەوە دەکەن، کە وەرگێڕان چالاکییەکی نێوان زمانەکانە، هەندێکی تریان تیشک دەخەنە سەر لایەنی تێکست، پۆلێکیش لایەنی پێوەندیکردن یان قۆناغەکانی وەرگێڕان لەبەرچاو دەگرن .

- هەر یەک لە ( ڤینای Vinay و داربلنت Darbelent ) دەڵێن: وەرگێڕان بریتییە لە گواستنەوە لە زمانی A بۆ زمانی B لە پێناو گوزارشتکردن لە واقیع. ئەم پێناسەیە هەموو لایەنەکانی وەرگێڕان ناگرێتەوە، بەڵکو وەرگێڕان دەخاتە چوارچێوەی زمانەوە.
- (سلیسکۆفیتش)، لە پێناسەی وەرگێڕاندا جەخت لەسەر ئەوە دەکات، کە وەرگێڕان چالاکییەکی هونەرییە و بریتییە لە گواستنەوەی واتای ئەو پەیامەی، کە دەقێک لە خۆی گرتووە.(ألبير،٢٠٠٧،ص٤٥)
- (صفاء خلوصي)، دەڵێت: وەرگێڕان هونەرێکی جوانە، واتای گواستنەوەی وشەو واتا وشێوازەکان دەگەێنێت لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، پێویستە خوێنەری دەقە وەرگێڕدراوەکە هەست بە ڕوونی دەقەکە بکات، هەروەک چۆن خوێنەری زمانی سەرچاوە هەستی پێدەکات. (عەللاف،٢٠٠٩،ل١٨)
- (هێرمانز Hermans) دەڵێت: وەرگێڕان پرۆسەیەکی پێوەندیکردنە و جۆرێکە لە جۆرەکانی ئاکاری کۆمەڵایەتی، لێرەدا جەخت لەوە کراوەتەوە، کە وەرگێڕان دەچێتە چوارچێوەی پێوەندیکردنەوە. (ألبير،٢٠٠٧،ص٤٦)

(هالیدای Halliday ) دەڵێت: هاوتابوونی دەق لە نێوان زمانی سەرچاوەو زمانی ئامانجدا تەنیا بە هاوتابوونی شێوە (فۆرم)ی هەردوو دەقەکە لە ئاستی وشەکان و ڕێزماندا نایەتەدی، بەڵکو هاوتابوونەکە دەبێت هەموو ئاستەکانی نێو دەقەکە بگرێتەوە. وەرگێڕان گواستنەوەی هزرو بۆچوون و شێواز و زانیارییە بۆ گەیاندنی واتاو دۆزینەوەی نزیکترین هاو واتا بە مەبەستی دەبڕینی ئەزموونێک لەبارەی جیهان و دەوروبەر لە نێوان زمانی سەرچاوە و زمانی ئامانجدا بەپێی فەرهەنگی زمانی و کەلتووری، چ بە شێوەی زارەکی بێ یان بە نووسراو. (عەللاف،٢٠٠٩،ل٢٠)

کورتەیەک دەربارەی مێژووی وەرگێڕان :

وەرگێڕان ڕێگایەکە بۆ لە یەکتر گەیشتن و پێوەندیکردنی زمانی و جۆرێکە لە چالاکی مرۆیی و هەرلە کۆنەوە مرۆڤ پەنای بۆ بردووە بۆ دەستەبەرکردنی پێویستییەکانی بە مەبەستی ڕێکخستنی پێوەندییەکانی لەگەڵ دەوروبەریدا. لە سەردەمی کۆندا بازرگانان ڕۆڵی گرنگییان لە وەرگێڕاندا هەبووە، چونکە پێویست بووە بازرگان زمانی ئەو وڵاتانە بزانێت کە سەردانی کردوون، ئەگەرنا دەبووایە خەڵکێک هەبن هاوکاریان بن و شارەزابن لەزمانی بازرگانەکان و زمانی ئەو شارو وڵاتانەی ڕێیان تێ کەوتووە.

یەکێک لە دەقە کۆنەکانی وەرگێڕدراو مێژووەکەی بۆ (٣٠٠٠) ساڵ پ.ز دەگەڕێتەوە، واتا بۆ سەردەمی فیرعەونەکانی میسر، کاتێک پشکنەران لە ناوچەی ئەسوان چەند دەستنووسێکی ئەو سەردەمەیان دۆزیبەوە بە دوو زمان نووسرابوون، هەروەها (بەردی ڕەشید)، کە لەلایەن (شامبلیۆن) ـەوە دۆزرایەوەو بۆ سەردەمی فیرعەون(بەتلیمۆسی سێیەم) دەگەڕێتەوەو بە هەر سێ زمانی، یۆنانی، هیرۆگلیفی، دیمۆتیقی، لەسەری نووسراوە. تیایدا باس لە سەرکەوتن و سەروەرییەکانی ئەم فیرعەونە کراوە. ئەو خشتانەی لە (تل العمارنە) دۆزراونەتەوە، کۆمەڵێک نامەی دیپلۆماسی پادشا میسرییەکانی لەسەر هەڵکۆڵراوەو مێژووکەیان بۆ ساڵانی ١٧٣٠-١٣٤٨ ی پ.ز دەگەڕێتەوە. ئەو خشتانە بە دوو زمانی هیرۆگلیفی و زمانی هیسی نوسراونەتەوە. .( منصور،محمد أحمد،٢٠٠٦،ص١٩-٢٠).

لە سەردەمی کۆن و نوێدا وەرگێڕی زۆر بەدەرکەوتن، گرنگترینیان، دواندەری ڕۆمانی، (شیشرۆن،١٠٦-٤٣پ.ز) بوو، کە کۆنترین قوتابخانەی وەرگێڕان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە. هەروەها قەشە(گیرۆم سافرۆنیک)، کە ئینجیلی لە زمانی گریکی بۆ زمانی لاتینی وەرگێڕا.(بیم،٢٠١٠،ص٤١).

عەرەبە بیابان نشینەکانی نیمچەدوورگەی عەرەبی ساڵانە لە زستان و هاویندا بە مەبەستی بازرگانی و بەدەستهێنانی بژێوی خەریکی کوێستان و گەرمیان بوون بەرەو ناوچەکانی ژێر دەستی ساسانییەکان و میللەتانی کوردو فارس و ئەرمەن و کلدان ، لەو هاموشۆیەدا بەشێک لە کەلتوورو زمان و زاراوەی خۆیان گەیاندووە بە خەڵکی نا عەرەبی ئەو ناوچانەو لە بەرامبەردا بەشێک لە کەلتوورو زمان و زاراوەی ئەو میللەتانەیان لەگەڵ خۆیان بردۆتەوە بۆ ناو کۆمەڵگەکانی خۆیان . هەڵبەتە وەرگێڕان فاکتەری هاوبەشی ئەم کارلێککردنە زمانەوانییە بووە(عبدالسلام کفافي،١٩٨٧،ص٧٦).

یەکێ لە ناودارترینی وەرگێڕەکان لە مێژوودا، کاهینێکی بوودایی بوو بە ناوی کۆماراجیڤا، کە هەوڵێکی یەکجار زۆری دا بۆ وەرگێڕانی تێکستە بودایییەکان لە زمانی سانسکریتییەوە بۆ زمانی چینی( هاشم کاطع ،٢٠٢٠).

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دانیشتوانی ڕۆژئاوا دەستیان دایە فێربوونی زمانی لاتینی، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی وەرگێڕان بۆ هەندێک بابەت

له زمانی لاتینییەوە بۆ بەشێک لە دیالێکتەکانی ئەوروپا . بۆ نموونە وەگێڕانی کتێبی(The consolation of philosophy)، لە لایەن (بۆثیۆس-Boethius) و کتێبی(Ecclesiastical History)، لە لایەن (بید-Bede) ـوە ، بە دوو کاری گرنگی وەرگێڕان لە سەدەی نۆی زاییندا لە قەڵەم دەدەرێن (ألبیر،٢٠٠٧،ص١٤٠).

لە سەدەکانی دوازدە و سێزدەشدا شاری (تۆلیدۆ)ی ئیسپانی بووە مەڵبەندی کۆبوونەوەی زانایانی ئەوروپی و دەستیانکرد بە وەرگێڕانی کتێبە فەلسەفی و ئایینی و زانستی و پزیشکییەکان لە زمانی یۆنانی وعیبری و عەرەبییەوە بۆ زمانی (قشتالی) ئیسپانی و لاتینی. هەروەها لە سەدەی چواردەمدا (گیوفری چاوسەر) کارەکانی (بۆثیۆس) ی لەزمانی لاتینی و کارەکانی (ڕۆمان دی لارۆز) ی، لە زمانی فەڕەنسییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی. جگە لەمانەش هەندێک لە بەرهەمەکانی (گیۆفانی بۆکاچیۆ)ی فەیلەسوفی ئیتاڵیی وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی. چاکترین وەرگێڕانیش کە لەو سەردەمەدا بۆ ئینجیل کرابێت دەدرێتە پاڵ زانای ئینگلیزی بەناوبانگ (جۆن ویکلّیف) کە لە زمانی لاتینییەوە وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی. .( هاشم کاطع ،٢٠٢٠)

لە مێژووی نوێشدا، پێویستی بۆ وەرگێڕو وەرگێڕان زۆر زیادیکرد. پێشتر بە درێژایی مێژوو کەسانی وەرگێڕ لە ڕێگای وەرگێڕانی دەستییەوە کاری وەرگێڕانیان جێبەجێ دەکرد، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیادا شێوازێکی تری وەرگێڕان سەریهەڵدا، کە ئەویش وەرگێڕانی ئامێری(ئەلەکترۆنی) بوو، کاتێک لە ساڵی ١٩٥٤ز، دا کۆمپانیای(IBM) لە (جۆرج تاون) یەکەم ئەزموونی خۆی لەم بوارەدا جێبەجێکردو توانیی لە ماوەی خولەکێکدا ٦٠ ڕستە لە زمانی ڕووسییەوە وەربگێڕێ بۆ سەر زمانی ئینگلیزی.

لە سەرەتای سەدەی بیستویەکیشداو تەنها لە ماوەی ١٠ ساڵدا گۆگڵ ترانسلەیت دەستی گەیشت بە ١٠٣ زمان لە جیهانداو پێکەوەی گرێدانەوە ، توانیی زۆر لە پێویستییەکانی خەڵک لە بواری وەرگێڕاندا دابینبکات. ئیستا گۆگڵ ترانسلەیت لەتوانایدایە کۆمەڵێک ڕستە بەسەر یەکەوە بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ( ئاماری و نیۆرەل مەشین) وەرگێڕێت Barak,2016 و لەدوایین پەرەسەندنەکانی ئەم بوارەشدا، زمانی کوردی بە هەردوو دایلێکتی ناوەند و باکوورەوە، چوونە لیستی چەندین زمانی تری میللەتانەوەو زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ تا ڕادەیەکی باش کاری وەرگێڕانی پێ بکرێت.

وەرگێڕان و زانستی وەرگێڕان:

گرنگە سەرەتا ئاماژە بە جیاوازیی نێوان وەرگێڕان و زانستی وەرگێڕان، یان ئەو بیردۆزانەی پێوەندییان بە بیردۆزەکانی وەرگێڕانەوە هەیە بکەین. وەرگێڕان کارامەیی و شارەزابوونە لە کاری وەرگێڕان و بریتییە لە قۆناغەکانی پێوەندیدار بە پرۆسەی وەرگێڕان و چارەسەرکردنی هەموو ئەو گرفتانەی دێنە سەر ڕێگای وەرگێڕەکان. بەڵام زانستی وەرگێڕان، ئەو لقەی زانستە، کە لێکۆڵینەوە لە وەرگێڕاندا دەکات، کەواتە ئەم زانستە پێوەندی بە ئاشنابوون بە کاری ئەنجامدانی وەرگێڕانەوە هەیەو ئەو پێوەندییانە دەدۆزێتەوە کە بە زانستەکانی ترەوە دەیبەستنەوە. (ألبیر،٢٠٠٧،ص٣١).

زانستی وەرگێڕان لقێکە لە لقەکانی زمانەوانی و هەموو ئەو بابەتانەی، کە پێوەندییان بە وشەسازی ڕستەسازی و واتاناسی و زانستی بەراوردکاری لە زمان و ئەدەبدا هەیەو پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە کێشەی ئەم توێژینەوەیەوە نیە بۆیە زۆری لەسەر نادوێین. بەڵام وەرگێڕان وەکو هونەرو پیشە، بریتییە لە مامەڵەکردن لەگەڵ زمان وەک بنەمایەکی هزری و ڕۆشنبیری، کە کاریگەریەکانی بنەمای زمان و کاریگەریەکانی بنەمای هزریی کەسی داهێنەر لەم بوارەدا یەکدەگرنەوە. چونکە داهێنان بریتییە لە توانستی گواستنەوەی بارودۆخ و بەرجەستەکردنی دیاردەی ڕۆشنبیری و هزری و سیاسی. بە هۆی ئەوەی ئەم بابەتە پێوەندی بە داهێنانەوە هەیە، کەواتە ئەرکی وەرگێڕ ئەرکێکی قورسە و وەرگێڕانیش لە دانان و نووسینی کتێب سەختترە، چونکە وەرگێڕ پابەندی واتا و زۆر شتی ترە، بەڵام دانەری کتێب ئازادە لە هەڵبژاردنی واتا و شێوازەکانی. (مونان، جورج،٢٠٠٢،ص٤٣)

بنەماکانی زانستی وەرگێڕان :

١ - توانستی وەرگێڕ بۆ تێگەیشتن لە کەسێتی و ئەزموون و ژینگەی نووسەرو خاوەنی دەقی ڕەسەن (أبو یوسف،٢٠٠٥،ص٢١-٢٢)..

٢ - شارەزایی تەواوی وەرگێڕو ئاشنایەتیی بە وشەو زاراوەی هەردوو زمانی یەکەم و دووەم. هەروەها دەستڕاگەیشتنی بە فەرهەنگی زمانیی متمانەپێکراو تا بەرانبەر بە هیچ وشەو زاراوەیەکی نامۆ دۆشدانەمێنێ. بۆ نموونە تێکستە پسپۆرییەکان بەوە دەناسرێنەوە کە زمانێکی تایبەتمەندیان هەیە و وەرگێڕی ئەو جۆرە بابەتانە پێویستە لە پێنج ئاستدا کارامەیی بەدەستهێنابێت بۆ ئەوەی وەک وەرگێڕێکی پرۆفیشناڵ کاربکات: زانیاریی وردی لەسەر بابەتەکە هەبێت، شارەزایی و ئاشنایەتی بە زاراوە تایبەتەکان ، توانستی گەیشتن بە ئەنجامگیریی لۆژیکیانە، ناسینەوەی جۆرو ژانرەکانی دەق و توانستی بەدەستهێنانی بەڵگەنامەکان(سیلفیا غامیر،٢٠٠٣،ص ٢٦٣).

٣- تێگەیشتن لە دەقی زمانی یەکەم (سەرچاوە) . زۆربەی زانا و شارەزایانی زانستی وەرگێڕان وای دەبینن، کە خوێندنەوەی دەقەکە لە هەنگاوی یەکەمی پرۆسەی وەرگێڕاندا، کارێکی گرنگە و بە وەرگێڕانی سەرەتایی دەقەکە دادەنرێت، بۆیە پێویستە وەرگێڕ لە سەرەتادا هەموو دەقەکە بە وردی بخوێنێتەوە.

٤ - زۆرترین بایەخ بۆ واتایە: واتا ڕەچاوکردنی لایەنی واتاو گرنگیپێدانی، چونکە گەیاندنی واتا بە وردی، گرنگترە لە وەرگێڕانی وشە بە وشە، کە دەبێتە هۆی لە دەستدانی بەهای دەقەکە. بۆیە پێویستە وەرگێڕ گرنگی بە (وشە بە وشەی واتا ) بدات، نەک (وشە بە وشەی شێوەو دەق). هەروەها دەبێت وەرگێڕ لە دوای تەواوکردنی وەرگێڕانەکەی چەند جارێک بە وردی بابەتە وەرگێڕدراوەکە بخوێنێتەوەو بە سەرجدانەوە چاوبخشێنێتەوە بە لایەنی داڕشتن و پێکهاتەی وشەو ڕستەکاندا بەجۆرێ کە هەمان کاریگەریی تێکستی یەکەمی هەبێت لەسەر خوێنەری خۆی. لە تیۆریی زمانەوانیدا مەبەست و ئامانج لە وەرگێڕان، گواستنەوەی دەقی گوتراوە، بەڵام لە تیۆریی لێکدانەوەدا، مەبەست و ئامانج گەیاندنی واتای گوتراوەکەیە، نەک دەقەکەی : "ماناو واتا، سادە یان ئاڵۆز، ئەو ئامانجەیە کە زمان دەیەوێت بەدییبهێنێت، کە توخمی سەرەکییە لە

پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکاندا، هەربۆیەش کۆتا ئامانجی وەرگێڕانە(ماریان لوديرير،٢٠٠١، ص١٢١).

٥ - وردیی لە گواستنەوەی واتای دەقە ڕەسەنەکە و بابەتیبوون لە وەرگێڕانیدا: ناکرێت وەرگێڕ بە هیچ شێوەیەک بە ئارەزووی خۆی واتای دەقە ڕەسەنەکە بگۆڕێت، چونکە وەرگێڕ جێگای متمانەیە، واتا پێویستە وەرگێڕ بەبێ گۆڕانکاری واتاو بیرۆکەی بابەتەکە وەربگێڕێت و ڕەچاوی ئەوە بکات، کە واژە جەستەیەو واتاش ڕۆحە، ناکرێت جەستە بەبێ ڕۆح بگوازرێتەوە.

٦ - یەکێتیی دەق : پێویستە وەرگێڕ پارێزگاری هارمۆنیای دەق و یەکگرتوویی بیرۆکەکانی ناو دەقەکە بکات و ڕەچاوی سروشتی پێکهاتەی هەردوو زمانی یەکەم و دووەم بکات. هەروەها بایەخدان بە خاڵبەندیش لایەنێکی گرنگی ئەم پرۆسێسەیە.

٧ - ڕەچاوکردنی گونجاندنی کەلتووری: ئەوەی وەرگێڕی پرۆفیشناڵ بایەخ بە جیاوازییەکانی نێوان ڕۆشنبیریی زمان و کۆمەڵگاکان دەدات، بەتایبەتی لە کاتی وەرگێڕانی هەندێ دەستەواژەو ڕستەی وەکو مەتەڵ و ئیدیەمدا، لە هەوڵی ئەوەدایە کە هەمان ئەو کاریگەرییە لەسەر وەرگرەکەی جێبهێڵێت کە دەق و گوتراوە ڕەسەنەکە لەلای وەرگری خۆی جێیهێشتووە. بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش گونجاندنێکی کەلتووریی لە کاتی وەرگێڕاندا پێویستە بۆ پڕکردنەوەی کەلێن و جیاوازییەکان لە جیهانبینیی  نێوان گرووپی وەرگری دەقی ڕەسەن و گرووپی وەرگری وەرگێڕاوەکە( کریستین دوريو،١٩٩٨،ص١٤).

٨ - دیاریکردنی جۆری وەرگێڕانەکە : پێویستە وەرگێڕ جۆری ئەو وەرگێڕانە دیاربکات، کە کاری تێدا دەکات، بۆ ئەوەی پابەندی شێوازی وەرگێڕانێکی گونجاو بێت، بۆ نموونە وەرگێڕانی بابەتی ئەدەبی جیاوازە لە وەرگێڕانی بابەتی زانستی، هەروەها بۆ بابەتەکانی تریش.

٩ - پسپۆڕێتی لە جۆرێکی وەرگێڕاندا : ئەمە لە بنەما هەرە گرنگەکانی وەرگێڕانە، چونکە یارمەتی وەرگێڕ دەدات بۆ وەرگێڕانێکی ڕاست و دروست و خێرای بێ کێشەو دوور لە هەڵە.

جۆرەکانی وەرگێڕان :

بەمەبەستی ئاسانکردنی پرۆسێسی وەرگێڕان و گەیشتن بە ئامانجی خواستراو بەبێ کێشە، پسپۆڕان جۆرەکانی وەرگێڕانیان بەم شێوەیە پۆلێن کردووە :

یەکەم: پۆلینکردن بە پێی زمان کە ئەم جۆرانە دەگرێتەوە:

أ- وەرگێڕان لە هەمان زمانەوە : واتا وەرگێڕانی دەقێکی لە دایلێکتێکی زمانێکەوە بۆ دایلێکتێکی تری هەمان ئەو زمانە، بۆ نموونە وەرگێڕانی دەقێکی ئەدەبی زمانی کوردی لە شێوەزاری کرمانجیی سەروو بۆ شێوەزاری کرمانجیی ناوەڕاست.

ب - وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر: لەم جۆرەدا وەرگێڕ دەقێک لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تەواو جیاوز وەردەگێڕێت.

دووەم: پۆلینکردن بە گوێرەی ڕێگاکانی وەرگێڕان کە بریتییە لە :

أ - وەرگێڕان بە نووسین : واتا وەرگێڕانی دەقێکی نووسراو لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی بە سەرلەنوێ نووسینەوەی ، کە زیاتر نزیکدەبێتەوە لە کارێکی داهێنەرانەو هونەرو توانستێکی باڵای داڕشتنەوەی پێویستە.

ب - وەرگێڕانی زارەکی(خێرا) : کە لە پەیوەندیکردنی زارەکیی نێوان کەسێک، یان کۆمەڵە کەسێک و کەسانی دیدا بەکاردێت و پشت دەبەستێت بە دەنگ و ئاخاوتن نەک بە نووسین. بەکارهێنانی وەرگێڕانی خێرا بۆ پێوەندیکردن لە نێوان نوێنەرانی گەلاندا لە ڕووی ئابووری و سیاسی و وەرزشی و کۆنگرە خۆجێی و نێودەوڵەتییەکاندا، بەشێوەیەکی فراوان بڵاوە.   ( ولید خالد، ٢٠٢٢). هەروەها ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە بواری خزمەتگوزارییە مەدەنییەکانیشدا بەسوودە، وەک وەرگێڕانی ئاخاوتنەکان لە بەردەمی دادوەران و پزیشکاندا، یان بۆ ڕێبەریکردنی گەشتیارانی بیانی و وەفدە دیپلۆماسییەکان، هەروەها بۆ هاریکاریکردنی داواکارانی مافی پەنابەری لە وڵاتانی بیانیدا( Baranyai,٢٠١١,pp1-11).

هەندێ جاریش وەرگێڕانەکە لە زمانی ئاخاوتنەوە بۆ زمانی ئاماژەی نابیستان دەبێت.

سێیەم: پۆلێنکردن بە پێی جۆری دەقەکە:

أ - وەرگێڕانی ئەدەبی: گرنگترین جۆری وەرگێڕانە، کە بابەتەکانی وەکو شیعر و پەخشان بە هەموو جۆرەکانییەوە دەگرێتەوە. پرۆسەی وەرگێڕان لەم مەیدانەدا کارێکی یەکجار قورس و سەختە. ئەم جۆرەی وەرگێڕان وەکو ئەوە وایە، کە دەقێکی شیعری، یان هەر بەرهەمێکی ئەدەبی تر لە نوێوە دابڕێژیتەوە. وەرگێڕی بابەتی ئەدەبی سەرەڕای وریایی و ڕاستگۆیی لە وەرگێڕاندا تارادەیەک ئازادە لە مامەڵە کردنیدا لەگەڵ ئەو دەقە ئەدەبیەدا کە وەریدەگێڕێ و دەتوانێت شتێک لێرە بسڕێتەوەو شتێک لەوێ زیاد بکات، تا ڕادەی داڕشتنەوەی واتاکان بەپێی یاساو ڕیساکانی زمانی دووەم( راتب مشلب،ب،ت،ص٤٤-٥٩). بۆیە ئەو پەراوێزی ئازادییەی وەرگێڕی ئەدەبی هەیەتی، خیانەتێکی ئارەزوومەندانە نییە لە دەقە ڕەسەنەکە بەڵکو خیانەتێکی ناچارییە کە سروشتی دەقی ئەدەبی و شیعری سەپاندویەتی چونکە دەقی وەرگێردراو سەرباری ئەوەی بنەچەیەکی ڕەسەنی هەیە، خۆی لەخۆیدا زادەو بەرهەمی ئەزموونێکی تایبەت و کەلتوورو زمانێکی جیاوازیشە.

ب - وەرگێڕانی زانستی: ئەم جۆرەشیان تا ڕادەیەک گرنگە، بەڵام ناگاتە گرنگی وتایبەتمەندییەی وەرگێڕانی ئەدەبی و کاری داهێنان. ئەرکی وەرگێڕ لە وەرگێڕانی زانستیدا بریتییە لە گواستنەوەی هەموو ئەو وشەو دەستەواژەو بیرۆکەو ڕاستییانەی، کە لە دەقە ڕەسەنەکەدا هەن، بەبێ دەستکاری و گۆڕین. پێویستە وەرگێڕ زانیاری و شارەزاییەکی باشی هەبێت دەربارەی ئەو زانستەو زاراوەکانی. لە پرۆسەی وەرگێڕانی زانستیدا وەرگێڕ ئازادیی خۆی زۆر سنوردار دەکات و ڕێگە نادات هیچ ئاماژەیەکی کەسایەتیی خۆی تێدا دەرکەوێت ، چونکە پابەندبوون بە (وردییەکی زۆرەوە) مەرجی وەرگێڕانی زانستییە، بۆ سەلماندنی ئەمەش تەنها سەرنج ڕادەکێشین بۆ دەرەنجامە خراپ و زیانبەخشەکانی وەرگێڕانی هەڵەی هێماو زاراوە زانستییەکان، هاوکێشەیەکی کیمیایی یان بیرکاری، شێوازی ئامادەکردنی دەرمانێک یان چۆنێتی کارپێکردنی ئامێرێکی کارەبایی(فائزة القاسم،٢٠٠٠،ص ص١٠٩-١٢٠).

پ - وەرگێڕانی ئابووری: لەم سەردەمەدا کاروباری بازرگانی بە شێوەیەکی زۆر فراوان، ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە نێوان وڵاتانی جیهاندا لە برەودایە، بۆیە وەرگێڕانی ئابووری بۆتە پێویستییەکی ناچاری بۆ هاوسەنگی

لە بەرژەوەندیی هاوبەشی نێوان کۆمپانیاو بزنسمانەکانی وڵاتە جیاوازەکانی دونیادا.

ت - وەرگێڕانی ئایینی: ئەم جۆرەی وەرگێڕان هۆکارێکی گرنگە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕێنومایی و سرووتە ئایینیەکان بۆ ئەو کەسانەی لە شوێنی ترن و زمانیان جیایە لەگەڵ زمانی ڕەسەنی ئایینەکە.

ج - وەرگێڕانی یاسایی: جۆرێکی گرنگی وەرگێڕانە و پایەیێکی گەورەی لە ناو کۆمەڵ و نێوان کۆمەڵگەو وڵاتە جیاوازەکاندا هەیە. لەو سۆنگەیەوە کە پێویستە زانیاری دەربارەی یاسا و گرێبەست و پەیماننامەکانی نێوان هاونیشتمانیانی وڵاتانی جیا جیادا ڕوون و ئاشکرا بێت، ڕۆژ بە ڕۆژ پێویستی بۆ ئەم جۆرە وەرگێڕانە لە زیادبووندایە .

چ - (وەرگێڕانی ئامێری) ئەلیکترۆنی : ئەو جۆرەی وەرگێڕانەیە، کە خودی کۆمپیوتەر وشەو ڕستەو دەقەکان وەردەگێڕێت و جیاوازە لەو وەرگێڕانەی کە بە هاوکاریی کۆمپیوتەر ئەنجامدەدرێت. هەڵبەتە وەرگێڕانی ئەلیکترۆنی بەردەوام پێویستیی بە پێداچوونەوەو پاکژکردنەوە هەیە چونکە پرۆسەکە بەتەواوی پشت بە بڕێکی زۆر هاوکێشەو میتۆدی زانستی ئامار دەبەستێ و بەتەواوی دوورە لە کاریگەریی هەست و سۆزی مرۆیی. (Albat, , 2012 Thomas Fritz)

ح – وەرگێڕانی میدیایی: پێویستییەکانی سەردەم ئەم جۆرەی وەرگێڕانەی سەپاندووە، ئەمەش لە ئەنجامی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاو بڵاوبوونەوەی دەیان جۆری ئامرازی میدیایی لە هەردوو جۆری نەریتی و نوێ، کە لە ڕێگەیانەوە هەواڵ و زانیاری بە شێوەیەکی زۆر خێرا لە نێوان وڵاتان و میللەتانی جیهاندا بڵاو دەبنەوەو پێویستە دەسبەجێ وەرگێڕانیان بۆ چەندین زمان ببۆ بکرێ، بەوەش بایەخی وەرگێڕانی میدیایی زۆر زیاتر بووە.

**گرنگیی وەرگێڕان:**

مرۆڤ لە کۆنەوە هەستی بە گرنگی وەگێڕان کردووەو پرۆسەی وەرگێڕان لە نێوان شارستانییە کۆنەکاندا هەبووە، عەرەب و یۆنانییەکان گرنگی زۆریان بەم بوارە داوەو دەیان کتێبی جۆراوجۆری یەکتریان وەرگێڕاوەتە سەر زمانەکانی خۆیان.

لەم سەردەمەیشدا وەرگێڕان بەوپەڕی شایستەییەوە لە زۆر بواری ژیانی ڕۆژانەماندا بەشدارە، هەر لە کاغەزی ڕێبەری بەکاربردنی دەرمانەوە تا نامیلکەی ڕێبەری چۆنیەتیی بەکارهێنانی ئامێرە کارەبایی و ئەلیکترۆنیەکانی ناوماڵ تا دەگات بە ئاگاداربوونمان لە هەواڵ وپێشهاتەکانی دنیاو دەوروبەرمان. وەرگێڕان لە تەلەڤزیۆن، سینەما، شانۆ، ڕۆمان، دەقی یاسایی، تەکنیکی یان ئایینی، لە کۆنفرانس و کتێبی گەورەو منداڵاندا کارایە، ئەم ئامادەییە خۆی لە خۆیدا ئاکارێکی گرنگی کۆمەڵگایەکی کراوەیە لە بوارە جیاجیاکاندا. وەرگێڕان لە سەردەمی مۆدێرنەدا بۆتە پێویستییەکی ناچاری بۆ ئەو کرانەوەو پێشکەوتنەی کە ڕێخۆشکەرو هاوکارە بۆ ئەوەی مرۆڤەکان بتوانن لە بوارە تەکنیکی و زانستی و کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە جۆراوجۆرەکاندا بژین . وەرگێڕان چیدی تەنیا پرسێکی شێوازناسی و زمانەوانی نییە، بەڵکو پرسێکی کەلتووری و شارستانییە، کە ناکرێ هیچ کۆمەڵگەیەک بەبێ ئەو، بەڕووی ئەوانی دیدا بکرێتەوەو پێیان ئاشنا بێت و لەگەڵیاندا بە تێڕوانینی پێکەوەیی ژیانبکات.( مصطفى الحسناوي، ٢٠١١).

لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەوەی پێشتر باسکرا، دەتوانیین بڵێین ، گرنگیی وەرگێڕان بۆ ئەم سەردەمە لەم چەند خاڵەدا چڕ دەبێتەوە :

١. گواستنەوەی فەرهەنگ و زانیاری لە نێوان شارستانییەتەکاندا، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر.
٢. وەرگێڕان هۆکارێکی گرنگی پێوەندیکردنە لە نێوان گەلانداو یارمەتییان دەدات بۆ گوزارشتکردن لە خودی خۆیان و خەون و ماف و ئاواتەکانیان.
٣. وەرگێڕان پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ بواری گەشتوگوزار، کاتێک کە زانیاری و ڕێنماییەکان بە زمانی گەشتیار پێشکەش دەکرێت.
٤. وەرگێڕان یارمەتیدەرە بۆ خێرا گواستنەوەی هەواڵ لە سەرانسەری جیهاندا.
٥. وەرگێڕان لە لایەک هەلی کار بۆ وەرگێڕەکان دەڕەخسێنێ و لەلایەکیش هاوکارە بۆ تاکەکان و کارئاسانییان بۆدەکات بەتایبەتی لە دادگاو نەخۆشخانەو کەمپی پەنابەران و فرۆکەخانەو هۆتێل و کۆنفرانسەکاندا.
٦. وەرگێڕان یارمەتیی خوێندکاران دەدات لە گەیشتن بە سەرچاوەی زانیاریی زۆرو جیاجیا لەبواری خویندن و توێژینەوەکانییاندا.
٧. وەگێڕان ڕۆڵێکی گرنگی لە پاراستنی ئاشتیی جیهانیدا هەیە.
٨. وەرگێڕان هۆکارێکە بۆ دەوڵەمەندکردن و بەهاوچەرخکردنی زمانی نەتەوەو کەمینەکان لە دونیادا.
٩. وەگێڕان ڕایەڵەیەکی بەتین و هۆکارێکی کاریگەرە بۆ تێپەڕاندنی ئەو بەربەستە زمانییەی ڕێگە لە پێوەندیکردنی نێوان نەتەوە و میللەتان دەگرێت.
١٠. وەرگێڕان لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئامێرە ئەلیکترۆنییەکان و زمانی پرۆگرامەکانییاندا ئاسانکاریی زۆرمان بۆ دەکات.

**کێشەو گرفتەکانی وەرگێڕان :**

کێشەو گرفتەکانی وەرگێڕان زۆرو هەمەجۆرن، بەرچاوترینیان بریتیین لە:

١. گرفتی گشتی: وەک ئەوی لەدەقی ڕەسەندا، زۆربەی وشەکان ناڕوون و ئالۆزبن، یان چاپەکەی نارێک بێ و وەهەڵەی تایپ و ڕێنووسی زۆری تیدا بێ یان لەڕووی داڕشتن و ڕستەسازییەوە لاواز بێت.
٢. گرفتی وشە باوەکان: ئەم گرفتە بە گرنگترین و دیارترین گرفتەکانی وەرگێڕان لە قەڵەم دەدرێت، کە لە هەر زمانێکدا هەندێ وشە هەن لە چوارچێوەی دەقدا لە شوێنی جیاجیادا بەکاردێن و واتایان بە جیاوازی شوێنی لە ڕستەکەدا دەگۆڕێت، بۆیە پێویستە وەرگێڕ بتوانێت واتای ڕاست ودروستی ئەو وشەیە لەو شوێنەی لێیەتی بە تەواوی دیاریبکات، ئەگەر نا، دەکەوێتە داوی هەڵەی زۆر سەختەوە.
٣. لە زۆربەی زمانەکاندا هەندێك وشە هەن وەرناگێڕدرێن، کە ئەمەشیان یەکێکە لە گرفتەکان و وا لە وەرگێڕ دەکەن وەکو خۆی بیانگوازێتەوە.
٤. خاڵبەندی: ئەمەش گرفتێکی ترە، کە ڕووبەڕووی وەرگێڕ دەبێتەوە، پرۆسەی بەکارهێنانی خاڵبەندی لە زمانێکەوە بۆ

زمانێکی تر جیاوازە، بۆیە پێویستە وەرگێڕ زۆر وریا بێ لە دانانی نیشانەکانی خاڵبەندیدا لە شوێنی گونجاوو دروستدا . https://bit.ly/3MuCoz0 دیارە کە لە وەرگێڕاندا بە یاساو رێسای زمانی دووەم بابەتەکە دادەرێژرێتەوە، کەواتە پێویستە وەرگێڕ وریا بێ و رێساکانی خاڵبەندیی زمانی دووەم رەچاوبکات نەک هی زمانی یەکەم .

٥. جیاوازیی رێزمان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی، ئەمەش وەرگێڕ رووبەڕووی دیاردەیەکی قورس و گران دەکاتەوە ، بەتایبەتی ئەگەر نەیتوانی پێکهاتەکانی ناو دەقەکە بە شێوەیەکی راست و دروست بگوازێتەوە، مەبەست لە پێکهاتەکان رستە و ریزبوونی کەرەستەکانی ناو رستەن، هەروەها بە گوێرەی ئاستەکانی تری زمان، دەنگسازی، وشەسازی، واتاسازی...هتد (ابو سیف و هبة مسعد،٢٠٠٥، ص١٦-١٧).

٦. هەر زمانێك سەر بە جۆرێك رۆشنبیری و کەلتووری دیاریکراوە، کاتێك وەرگێڕ دەقێك لە زمانێکەوە وەردەگێڕێت، ناتوانێت رۆشنبیریی ئەو دەقە بەو شێوە کاریگەرییە وەربگێڕێت، کە خاوەن دەقە رەسەنەکە وێنای کردووە، بۆیە ئەم جیاوازییە دەبێتە مایەی کێشە بۆ وەرگێڕ. (https://bit.ly/3vD3Bc5 )

## بەشی دووەم

### وەرگێڕانی میدیایی

**یەکەم : چەمك و پێناسە:**

وەرگێڕانی میدیایی جۆرێکە لە جۆرەکانی وەرگێڕان، لەگەڵ سەرهەڵدان و پێشکەوتنی و میدیادا دەرکەوتووەو لەڕووی چەندێتی و چۆنێتییەوە پەرەیسەندووە. داواکاریی دەزگاکانی راگەیاندن بۆ دامەزراندنی وەرگێڕی میدیایی زیادی کردووە، بەرهەم و ناوەرۆکی باشی میدیایی وەرگر بۆخۆی رادەکێشێت، بۆیە ئێستا وەگێڕان رووبەرێکی فراوانی لە پیشەی میدیادا داگیرکردووەو بابەتەکانی راگەیاندن بە بەردەوامی لەسەر ئاستی جیهان لە رێگای ئاژانسەکانی دەنگ وباس و رۆژنامە و کەناڵە جیاجیاکانەوە بە زمانی جیاجیا دەگوازرێنەوە وهەموویان گرنگییەکی زۆر بە وەگێڕانی ئەو هەواڵ و رووداوانە دەدەن، کە لە جیهاندا دەگوزەرێن.

بەم شێوەیە وەرگێڕ خۆی لە چوارچێوەی بواری راگەیاندندا دەبینێتەوەو میدیاکاریش ناچارە ململانێ لەگەڵ گێژاوی وەرگێڕاندا بکات، ئەمەش وادەکات پێویست بێت وەرگێڕ میدیا بخوێنێ و میدیاکاریش زمان و وەرگێڕان. وەرگێڕانی میدیایی پەنجەرەیەکە بۆ بینینی جیهانی دەرەوەو هەموو رووداوەکانی. ئەگەرچی زاراوەی وەرگێڕانی میدیایی لەو زاراوانەیە کە زۆر ناسراوو باو نییە، بەڵام پرۆسەی وەرگێڕانی میدیایی بۆ ژانرە جیاجیاکانی میدیا لە چوارچێوەی دەزگاکانی میدیادا، پرۆسەیەکی فراوان و بڵاوە لەسەر ئاستی جیهان .

وەرگێڕانی میدیایی هونەر و زانست و پراکتیکە، بەهرە، مەشق و پیشەیە. وەرگێڕان هەم هونەرەو هەم پیشەیە. چەندین وتار و کتێب کە بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی بڵاوکراونەتەوە، بە ناونیشانی "هونەری وەرگێڕان" یان "پیشەی وەرگێڕان" ناویان بردووە.(عبد الباقي الصافي، ٢٠٠٢،ص٦٧). لە بواری وەرگێڕانی هەموو جۆرەکانی هەواڵ و ژانرە میدیاییەکان ، راپۆرت و وتارو ریپۆرتاژی سیاسی، ئابووری، هونەری، زانستی و وەرزشی و فیلم و دراما ، لە زمانی رەسەنەوە بۆ زمانی دووەم . ( https://bit.ly/3vCm9tb ). پرۆسەی وەرگێڕانی میدیایی بەپێی سروشتی دەزگاو ئامرازەکە گۆڕانی بەسەردا دێت و لە میدیایەکەوە بۆ یەکی دی جیاوازە.

ناوەرۆك لە پرۆسەی وەرگێڕانی میدیایدا، یان نووسراوە هەروەك لە رۆژنامەکاندا، کە رۆژنامەێك وێڕای زمانە رەسەنەکەی خۆی، بەزمانێکی تریش بڵاوی دەکاتەوە. لە رادیۆشدا وەرگێڕان بە شێوەی ئاخاوتن دەبێت، بۆ نموونە کەسێك بە زمانێکی دیاریکراو قسە دەکات و لەدوای دەربڕینی رستەیەك، یان چەند رستەیەك رادەوەستێ و وەرگێڕێک پەیڤەکانی وەردەگێڕێت سەر زمانی دووەم و بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت، یان دەنگی وەرگێڕ شانبەشانی دەنگی ئاخێوەر پەخش دەکرێت. لە تەلەڤزیۆنیشدا بە سێ رێگە جێبەجێ دەکرێت : یان بابەتە وەرگێردراوەکە لە ژێرەوەی سکرین هاوکاتی پەیڤینی ئاخێوەرەکە دەنووسرێت، یان بە هەمان رێگەی وەرگێڕانی رادیۆیی، یاخود دۆبلاژکردنی دەنگەکەو هاوکاتکردنی لەگەڵ (لیپسینگ) جووڵەی دەم و لێوی ئاخێوەردا جێبەجیدەکرێت.

**دووەم: گرنگیی وەرگێڕانی میدیایی :**

گشت ئاماژەکان پێمان دەڵێن: وەرگێڕانی میدیایی گرنگی و بایەخێکی یەکجار زۆری پەیداکردووە. بۆ پشتیوانیی ئەو بۆچوونەش ئەم راستییانە دەخەینەڕوو:

١. وەرگێڕان لە میدیای جەماوەریدا، هۆکاری خێراترکردن و فراوانترکردنی رووبەری بڵاوبوونەوەو گەیاندنی زانیاری و هەواڵە لە دونیادا، ئەوەش بۆتە هۆی بەخشینی سیفەتی هەنووکەیی و خێرایی و گشتگیری و بەردەوامی بە پەیامی میدیایی.

٢. وەرگێڕان لە میدیای جەماوەریدا،فاکتەرێکی زۆر گرنگی هاوکاریکردنی رابەرانی راو هزرە لە ناو کۆمەڵگە جیاوازەکاندا، بەوەی کە لەرێی وەرگێڕانەوە سات بەسات زانیاریی پێویستیان پێ دەگات.

٣. توێژینەوە زانستییەکان ئەو راستییەیان یەکلا کردووەتەوە کە: کەناڵەکانی پەیوەندیی جەماوەریی ئەلیکترۆنی و پێگەو ماڵپەڕەکانی میدیای نوێ و سۆشیالمیدیا، زەمینەیەکی زۆر لەباریان بۆ وەرگێڕان سازکردووە.

٤. پەنابردن بۆ وەرگێڕان لە رێی میدیای دێرین و نوێوە، دەرفەتێکی زۆری بۆ بیرمەندو زانایان و ئایدیۆلۆجیستەکان رەخساندووە کە بیرو باوەڕەکانی خۆیان نمایشبکەن و هەوڵی دڵنیاکردنەوەو رازیکردنی زۆرترین رێژەی جەماوەر بدەن.(عوض ابراهیم ، ٢٠١٩ ، ص ٢٣،٢٤ )

٥. هەموو جیهان وابەستەی دیاردەو رووداوەکانن و ئەو رووداو و دیاردانەش لە رێگای هۆکارە جیاجیاکانی راگەیاندنەوە دەگوازرێنەوەو پێویست دەکات وەربگێڕدرێنە سەر زمانە جیهانییە سەرەکییەکان، بۆ ئەوەی ئامانجی خۆیان بپێکن.

٦. دەزگاكانی میدیا بازنەی پێوەندیكردنی جیهانین، بۆیە ناوەرۆكە وەرگێردراوەكان جێگای بایەخی جەماوەرن لە جیهاندا. ( https://bit.ly/3xJXg17 )

٧. رای گشتی جیهان لە رێگای خوێندنەوەی ناوەرۆكی بابەتە وەرگێڕدراوەكانی میدیاوە هۆشیاری دەربارەی مژارێك، یان گرفتێكی جیهانی دەستەبەر دەكات.

٨. زۆربەی گرفتەكان ئاستێكی جیهانییان هەیە، بۆ نموونە پەتای كۆرۆنا ئەگەر وەرگێڕانی میدیایی نەبوایە، هەموو بابەتەكانی پێوەندیدار بەو نەخۆشییە بە ئاسانی نەدەگەیشتنە ملیارەها خەڵكی سەر زەوی.

## سێیەم : جۆرەكانی وەرگێڕانی میدیایی:

لاپەڕەكانی رۆژنامە و گۆڤار و پێگە ئەلیكترۆنییە رۆژنامەیی و رادیۆ و تەلەڤزیۆنەكان، هەر هەموویان ناوەرۆك(پەیام)ی میدیایی پەخش و بڵاو دەكەنەوە، هەر دەزگاو ئامرازێكی میدیاییش جەماوەری تایبەت بە خۆی هەیە، بە پێی جیاوازی سروشتی میدیاكە ، وەرگێڕانە میدیاییەكانیش جیاوازو هەمەجۆرن :

١. جۆرەكانی وەرگێڕان بەپێی دەزگاو ئامرازەكانی میدیا:

A. وەرگێڕان بۆ رۆژنامە و گۆڤارەكان: لەم جۆرەدا پێویستە وەرگێڕ بەپێی مەرجەكانی پەخش و بڵاوكردنەوەی ئەم بڵاوكراوانە كاری وەرگێڕان جێبەجێ بكات، بەشێوەیەك پرۆسەی وەرگێڕان بۆ دەقەكانی رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوكراوەكان لە كۆپییەكی سەربەخۆی هەمان رۆژنامە، یان گۆڤاردا دەبێت.

B. وەرگێڕان بۆ تەلەڤزیۆن كە بریتییە لە:

- وەرگێڕانی دەقی تەلەڤزیۆنی لە چوارچێوەی دیاریكردنی جۆری دەقەكەوە دەبێت، كە ئایا دەقی پرۆگرامی گفتوگۆیە، یان دەقی هەواڵییە، یان بەرنامەی ترە.
- لە دوای دیاریكردنی ناوەرۆكی ئەو دەقەی، كە لە رێگای تەلەڤزیۆنەوە پێشكەش دەكرێت، سەرنجی سیناریۆكە دەدرێت و هەموو دەقە گوێزراوەكە تیایدا دەردەهێندرێت.
- هەموو ئەو دەقەی، كە لە چوارچێوەی سكرینی تەلەڤزیۆنەوە دەكرێت، پێویستە لە هەمان كاتدا لەگەڵ ئاخاوتنی پەخشكراودا گونجاو بێت.
- پرۆسەی نووسینی دەقی وەرگێڕدراو لە خوارەوەی سكرین لە كاتێكدا دەبێت، كە وتە سەرەكییەكەی زمانە ڕەسەنەكە بهێڵدرێتەوە.
- لە كاتێكدا، كە وەرگێڕان بۆ دەقە میدیاییەكە وتە سەرەكییەكە لادەبات، دەنگی وتەی وەرگێڕدراو لەگەڵیدا لێكدەدرێت.
- چەند سیناریۆكە بە چركە و بەشێك لە چركە رێك بێت، پرۆسەی مۆنتاج بۆ دەقە میدیاییەكە لەسەر تەلەڤزیۆن رێكتر دەبێت.

C. وەرگێڕان بۆ رادیۆ: كاتێک باس لە رادیۆ دەكەین واتا باسی ناوەرۆكی بیستراوو بیستنی بێ بینین و تەماشاكردن دەكەین كە پرۆسەی وەرگێڕانەكە تەنیا لەرێگەی دەنگەوە دەبێت. زۆرجار گوێمان لە پەیامێكە لە رادیۆوە، كەسێک بە زمانێكی دیاریكراو قسە دەكات و پاشان كەمێك بێدەنگ دەبێت و كەسێكی دی، بەزمانێكی دی هەمان ئەو قسانەدەكاتەوە. یان زۆر جار هاوكات هەردووک( ئاخێوەر و وەرگێڕ) پێكەوە بە دوو زمانی جیا دەدوێن و تەنها چەند چركەیەک پاشوپێشیان هەیەو هاو شانی یەكدی پەیامەكەمان پێ دەگەێنن. ئەم شێوازەی دواییان زۆر زیاتر باوەتی و بەكاردێت.

D. وەرگێڕان بۆ پێگە ئەلیكترۆنییە میدیاییەكان: ئاشكرایە لەم سەردەمەدا پێگە ئەلیكترۆنییەكان بە شێوەیەكی فراوان زۆر بوونە و پرۆسەی وەرگێڕانی دەقە بڵاوكراوەكانی سەر پێگە ئەلیكترۆنییە میدیاییەكان لە رێگای ئەو لینكەوەیە، كە هەمان پێگە دایدەنێت. ( https://bit.ly/36LBkb2 )

٢. جۆرەكانی وەرگێڕان بەپێی ئەو ناوەرۆك و پەیامەی، كە دەزگاو ئامرازەكانی میدیا پەخشیان دەكەن: هۆكارەكان پەیامێك و دوو پەیام پەخش ناكەن، بەڵكو رۆژانە دەیان و سەدان ژانری جیاجیا وەردەگێڕن و پەخشیان دەكەن، بۆ نموونە:

- وەرگێڕانی هەواڵە جۆراوجۆرەكان.
- راپۆرت و وتار و لێكۆڵینەوە.
- وەرگێڕانی بابەتە ئەدەبییەكان.

٣. جۆرەكانی وەرگێڕان بەپێی چۆنیەتی خستنەڕووی پەیامەكان لە رێگای دەزگاو ئامرازەكانی میدیاوە: دەزگاو ئامرازەكانی میدیا بە هۆی جیاوازییان لەگەڵ یەكتر، هەر یەكەیان رێگا و شێوازی تایبەتی خۆیان لە پەخش و بڵاوكردنەوەی پەیامەكاندا هەیە.( https://bit.ly/3MnDInr )

## چوارەم: مەرجەكانی وەرگێڕانی میدیایی سەركەوتوو:

شارەزایانی بواری زمان و وەرگێڕانی میدیایی لەسەر چەند مەرجێك بۆ وەرگێڕانێكی سەركەوتووی بێ گیروگرفت، كۆكن، كە دەبنە هۆی باشتر گەیاندنی ناوەرۆك و مەبەستی پەیامی میدیایی: :

١. پێویستە ڕستەكان كورت وراستەوخۆو بێ پێچوپەنا بن.

٢. دەبێ بەدووربێت لە هەندێ ئاوەڵناو سیفات و وشەی ئاڵۆز.

٣. نابێ باربكرێت بە ناوو نازناوی زۆرو قەبەی بێ كەڵک كە رۆڵێكی گرنگیان نیە لە گەیاندنی پەیامەكەدا.

٤. پێویستە بەدوور بێت لە دەستەواژەی قەدبڕو ناوبڕی ڕستەكان كە زیان دەگەێنن بە ئاستی تێگەیشتن لە پەیامەكە.

٥. دەبێت بەدوور بێت لە وشەو دەربڕینی بریندارکەرو نابەجێ .

٦. دەبێ ڕیزمانەكەی دروست بێ و نابێ لەرووی دارشتنەوە ئاڵۆزو تەمومژاوی بێت.

٧. دەبێ بەدوور بێت لە داتاو ئامارو ژمارەی زۆرو قەبە قەبە.

## پێنجەم : كێشەكانی وەرگێڕانی میدیایی:

لە سەرەتای سەدەی رابردووەوە ئامرازەكانی میدیا بوونەتە باشترین گۆڕەپانی كارلێككردنی پەیامەكان لە ناو چین و توێژە جیاجیاكانی

<u>کۆمەڵگەدا لە ڕووی ئایینی و بزنس و بازاڕگەری و ئایدیۆلۆجیا و سیاسەت و ڕۆشنبیرییەوە. ئەو سەردەمەی کە ئێمە تێیدا دەژین بە ناسراوە بە چاخی تەقینەوەی مەعریفی و خێرایی لێشاوی زانیاری ، کە ڕۆڵی وەرگێڕان و گرنگییەکەی لەگواستنەوەی ئەم کەلەپوورە مەعریفیە لەشارستانێتیەکەوە بۆ شارستانیەتێکی تر ، لەوڵاتانی بەرهەمهێنەوە بۆ وڵاتانی بەکاربەر دەردەکەوێت ، چونکە وەرگێڕان تەنها کرداری گۆڕین و گواستنەوەی وشەو دەستەواژە نیە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دی، بەڵکو پرۆسەی گواستنەوەی ماناو مەبەستەکانەو چالاکییەکی زانستی مەعریفییە کە یارمەتی پرۆسەی پیتاندنی کەلچەری دەدات لەنێوان فەرهەنگە جیاوازەکاندا. بۆیە جێی خۆیەتی بڵێین : وەرگێڕانی میدیایی ئەرکێکی سەخت و پڕ بەرپرسیارێتییەو کێشەو ڕێگرییەکانیشی هەمەجۆرن:</u> (عبد المجید شکري،٢٠٠٤، ص٣١)

<u>بۆ دیاریکردنی کێسەکانی وەرگێڕانی میدیایی پێویستە بزانیین ئەوانە کێن کە کاری وەرگێڕان دەکەن؟ ئایا ڕۆژنامەنووسانن و بارودۆخی پیشەی ڕۆژنامەنووسی وای لێکردوون لەسەرەخۆ لە ڕۆژنامەنووسی دوور بکەونەوە و بچنە بواری وەرگێڕان؟ بەم شێوەیە ئەم جۆرە وەرگێڕانە دەبنە نیمچە وەرگێڕ، یان ئەوانە وەرگێڕن و هەوڵدەدەن لە بواری وەرگێڕانی میدیاییدا کاربکەن. بەشێوەیەکی گشتی زۆر گرنگە وەرگێڕی میدیایی شارەزایەکی باشی لە هەردوو زانستی وەرگێڕان و میدیادا هەبێت.</u>

<u>گرینگترین کێشەکانی ئەم بوارە بریتین لە:</u>

A. <u>خێرایی و کەمی کات لە بەردەم وەرگێڕی میدیایی بە هۆی سروشتی کاری میدیاییەوە.</u>

B. <u>بەهۆی ئەوەی میدیا باس لە هەموو بابەتێك دەکات هەر لە ئەتۆمەوە تا دەگاتە سیاسەت و زانیاری و مێژوو و ئەدەب....هتد، لێرەدا وەرگێڕ ڕووبەڕووی بڕێکی زۆر لە وشە و زاراوە و دەستەواژەی جۆراوجۆر دەبێتەوە، کە پێویستە زۆر بە وردی و زانستییانە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات ووەریانبگێڕێت بۆ زمانی دووەم.</u>

C. <u>خێرایی پێشکەوتن و گۆڕانی زمانەکانی جیهان و سەرهەڵدانی وشە و زاراوەی نوێ، کە وەرگێڕانیان کارێکی سەخت و گرانە.</u>

D. <u>فرەواتایی وشە لە زمانەکاندا، یەکێکی ترە لە گرفتە گەورەکانی وەرگێڕانی میدیایی.</u>

E. <u>هەبوونی هەواڵێك لە سەرچاوەی جیاجیاوە و بە شێوەو ناوەڕۆکی جیاواز کە پێویست بە گەڕان و کنەکردنی زیتر دەبێت بۆ گەیشتن بە ڕاستی و دروستی، ئەمەش وەرگێڕ زۆر ماندوو دەکات. ( https://bit.ly/39fC0q3 ).</u>

F. کاریگەریی ئەجەنداو ئایدیۆلۆجیای دەزگای میدیایی لەسەر پرۆسەی وەرگێڕان: هەر دەزگاییێکی میدیایی ئاراستە و ئایدیۆلۆجیای تایبەت بە خۆی هەیە و وەرگێڕیش کە ناچارە پابەندیان بێت، پێویستە زۆر ورد بێت لە وەرگێڕانی بابەتە جیاجیاکاندا، بە تایبەتی سیاسییەکان و هەڵبژاردنی زاراوەی گونجاو لەگەڵ ئاراستە و ئایدیۆلۆجیای دەزگاکەدا، ئەمەش لەخۆیدا دەبێتە جۆرێك لە گرفت بۆ وەرگێڕ کە ناتوانێت ئازاد بێت لە وەرگێڕاندا.

**شەشەم: خەسڵەتەکانی وەرگێڕی سەرکەوتوو لە بواری میدیادا:**

خەسڵەتەکانی وەرگێڕی سەرکەوتوو جۆراوجۆرن، هەر بابەتێك پێویستی بە خەسڵەتێکی دیاریکراو هەیە، بابەتەکانی میدیاش تایبەتمەندی خۆیان هەیە، بۆیە وەرگێڕی میدیایش خەسڵەتی تایبەت بەخۆی هەیە، کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن:

١. پێویستە وەرگێڕی میدیایی خاوەن ڕۆشنبیرییەکی فراوان بێت و ئاگاداری هەموو لقە جیاجیاکانی ڕۆشنبیری و گشت ژانرە ڕۆژنامەوانییەکان بێت.

٢. پێویستە وەرگێڕی میدیایی وەک هەموو وەرگێڕێکی ئەدەبی و زانستی، شارەزاییەکی تەواوی لە هەردوو زمانی یەکەم و دووەمدا هەبێت.

٣. بەتەواوی و درووستی لە ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان حاڵی بێت و هەر شتێکی لا ڕوون نەبوو، پرسیار بکات و داوای ڕوونکردنەوە لە کەسانی پسپۆر بکات.

٤. پشت بە فەرهەنگە جیاجیاکان ببەستێت ، چونکە فەرهەنگ وەکو چەکێک وایە بۆ وەرگێڕ و ئامرازی گواستنەوەیە لە زمانێك بۆ زمانێکی تر.( لبنی مهدي ، ٢٠٢٠).

٥. شارەزایە لە جۆنێتیی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ زمانی میدیادا: زانین و ئاشنابوون بە گوزارشت و زاراوە ڕۆژنامەنووسی و میدیاییەکان، بە تایبەتی ئەو زاراوانەی، کە ئاژانسەکانی هەواڵ و ڕۆژنامە بیانییەکان بەکاریان دەهێنن.

٦. خێرایی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ بەبەتەکانی میدیادا، واتا ڕەچاوکردنی گرنگیی کات، چونکە لە وەرگێڕانی هەواڵ و ڕاپۆرتدا بواری بۆ چاوەڕێکردن نامێنێ، خۆ ئەگەر وانەبێ بابەتەکە دەبێتە هەواڵێکی کۆن. بۆیە پێویستە وەرگێڕی میدیایی فاکتەری کات لەبەرچاو بگرێت و ڕەچاوی پانتایی دیاریکراو بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکەی وکاتی دەستنیشانکراو بۆ پەخشکردنیان، بکات.

٧. شارەزایی و ناسینی ڕەهەندی ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو وڵات و هەرێمەی، کە وەرگێڕ تێیدا کار دەکات، هەروەها شارەزایی لە نهێنییەکانی یاریکردن بە وشە و زاراوەکان، چونکە میدیا بە بەردەوامی بێلایەن نییە، هەندێك جار وشەو زاراوەکان بۆ جێبەجێکردنی مەرامی سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی دیاریکراو بەکاردێن.

٨. پێویستە وەرگێڕی میدیایی بە بەردەوامی لە هەوڵی نوێکردنەوەی زمانە میدیاییەکەیدا بێت، چونکە زمانێکە لە پێشکەوتنی خێرادایە، بەتایبەتی لەگەڵ سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەی میدیای نوێدا. وەرگێڕانی میدیایی پیشەیەکە کە تەنیا بە ڕاهێنان و مەشق و خۆ نوێکردنەوە لەسەر بنەمای بەهرەو حەز بەدی دێت و لایەنی جوانناسی و داهێنانی تێدایە، چونکە داهێنان گرنگترین توخمە لە هونەرداو سیفەتی هەرە دیاری میدیاش دیوە هونەرییەکەیەتی. (د. محمد عناني، ١٩٩٦، ص ٢)

**حەوتەم : چەند نموونەیەکی وەرگێڕانی هەڵە لە میدیادا :**

١. لەمانگی ٧ ی ١٩٤٥ دا بە بەیاننامەیەک مەرجەکانی دەوڵەتانی هاوپەیمان بۆ خۆبەدەستەوەدانی هێزەکانی ژاپۆن راگەێندرا کە داوای خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرجی ژاپۆنی تیدا کرابوو. لە بڕگەیەکیشیدا ڕاگەیندرابوو کە هەر کاردانەوەیەکی نەرێنیی بەرپرسانی ژاپۆن ، دەبێتە هۆکاری ماڵویرانیی بۆیان . هەر ئەوکات رۆژنامەوانان لە پریس کۆنفرانسێکدا پرسیاری خۆبەدەستەوەدانی بێ مەرجیان لە سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن کرد، ئەویش کە لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا ڕێپێدراو نەبوو لێدوان بدات، وەڵامی تەنها ئەمە بوو: (مۆکۆساتسۆ - کۆمێنتم نیە ). لە زمانی ئینگلیزیدا ئەو وشە ژاپۆنییە، جگە لە ( No comment - کۆمێنتم نیە) چەند واتایەکی تریش دەبەخشێت وەک :( ڕەتکردنەوە) و (گوێپێنەدان) . ئاژانسە هەواڵییەکانی ژاپۆن، وشەکەیان بە واتای ( رەتکردنەوە) و (شایانی کۆمێنت نیە - گوێی پێ نادەم ) وەرگێڕایە سەر زمانی ئینگلیزی، لە کاتێکدا کە تەنها دەستەواژەی "No Comment" بۆ ئەو سات و شوێنە دروست بوو . ئەم وەرگێڕانە هەلایە وەک ئاگری ناو پووش وپەڵاش، زۆر بەخیرایی بەناو ئاژانسەکانی هەواڵدا تەشەنەیکرد . ئەوەش بووە هۆی بێزاریی سەرکردە ئەمریکییەکان و وایان لێکدایەوە کە سەرانی ژاپۆن زۆر لەخۆ بایی بوون و چیدی بواریان بۆ چارەسەری دیپلۆماسی و کۆتایی هێنان بە شەڕ، نەماوە. ئیدی پاش تەنها ١٠ ڕۆژ دوو گەورە شاری ژاپۆن بە بۆمبی ئەتۆمی خاپوورکران https://bit.ly/3uD8KRX

٢ .ساڵی ١٩٧٧ جێمی کارتەری سەرۆکی ئەو کاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە سەردانێکیدا بۆ پۆڵۆنیای کۆمۆنیستی ، بە ئینگلیزی وتی : (من دەمەوێ حەزوئارەزووەکانی ئایندەی گەلی پۆڵۆنیا بزانم ). ئەو وەرگێڕەی کە لەوەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکاوە هاوگەشتی سەرۆک بوو، ئەو ڕستەیەی سەرۆکی بەم واتایە وەرگێڕا بۆ پۆڵۆنی : ( *من حەزم لە پۆڵۆنییەکانە* ! ). هەروەها قسەیەکی تری جێمی کارتەر کە وتبووی ( *من بەختەوەرم کە لە پۆڵۆنیام* ) بە (چەوت)ی وەرگێڕا بۆ ( من بەختەوەرم کە ئاشنابووم بە شوێنی تایبەتی پۆڵۆنیا! ). بۆ جاری سێهەمیش هەڵەیەکی گەورەتری کرد بۆ قسەیەکی تری کارتەر کە وتی : ( ***When I Left the United States*** - *کاتێ کە ویلایەتە یەکگرتووکانم جێهێشت*) و بەم واتایە وەرگێڕا (*کاتێ کە دەستم لە سەرۆکایەتیی ئەمریکا هەڵگرت* ). https://bit.ly/3ATSMH9.

٣ .ڤێرژنە عەرەبیەکەی CNN هەواڵێکی دەربارەی ترامپ و کۆشکی سپی ، بەم ناونیشانە بڵاوکردبۆوە" :مصدر: البيت الأبيض يبحث إجراءات عزل الرئيس من منصبه". ئەم ناونیشانە وەرگێڕدراوە وەک ئاگری ناو پووش و پەڵاش، لەناو کەناڵەکانی میدیای عەرەبیدا بڵاوبۆوەو لەناو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشدا خێراتر تەشەنەیکرد. بە گوێرەی ئەو ناونیشانە وەرگێڕدراوە بێت کۆشکی سپی وا خەریکن لە ڕێکارەکانی لەسەرکار لادانی سەرۆک دەکۆڵنەوە . کەچی راستییەکەی وا نیەو کارێکی لەو جۆرە لە دەستەڵاتی کۆنگرێسدایە نەک کۆشکی سپی . کە دەگەڕێینەوە سەر ڤێرژنە ئینگلیزییەکەی هەواڵەکە (واتا تێکستی یەکەم) دەبینیین نووسراوە:

" *Sources: White House lawyers research impeachment* – "کە بە زمانی عەرەبی دەبێتە: "*مصادر: محامو البيت الأبيض يتدارسون موضوع المساءلة* " بەکوردیش دەبێتە: " *سەرچاوەکان: پارێزەرانی کۆشکی سپی تاووتوێی پرسی لێپێچیەنەوە دەکەن*" واتا پارێزەرەکان سەرقاڵی ڕێوشوێنە یاساییەکانی رووبەڕووبوونەوەی ڕێکاری لەسەرکار لادانی سەرۆکن ئەگەر بێت و کۆنگرێس داوای متمانە سەندنەوە بکات. بەرپرسیارێتیی ئەم بەدحاڵییە لە ئەستۆی وەرگێڕە عەرەبەکانی CNN دایە کە وشەی – ***lawyers*** *پارێزەرانیان* لاداوەو تەنها فۆکەسیان خستۆتە سەر ناوی *کۆشکی سپی* و وشەی "***Research***"یان بە " *یبحث – دەکۆڵنەوە*" وەرگێڕاوە، لەکاتێکدا لەم جێوڕییەدا واتای درووستی ئەو وشەیە بەم جۆرەیە "یتحری، یدرس – تاووتوێ دەکات.ttps://cnn.it/3It0FVp

٤ . نموونەی وەرگێڕانی (هەڵە) لە ریکلام و ژانرەکانی ناو میدیاو سۆشیال میدیادا :

لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردی:

| وەرگێڕانی درووست | وەرگێڕانی هەڵە بۆ کوردی | دەقەکە بە ئینگلیزی |
|---|---|---|
| بارانێکی بەخوڕ دەبارێت | وا پشیلەو سەگەکان دەبارێن | it rains cats and dogs |
| هەر لەمەم کەمبوو | ئەمە ڕێک ئەوەیە کە دەمویست | That's just what I needed |
| چیتان لەژێر سەردایە؟ | چی لێ دەنێن ؟ | What's cooking? |
| ئەو پارەیەی ماوەتەوە هەڵیگرە بۆ خۆت | گۆڕانکاریەکە بپارێزە | Keep the change |

لە عەرەبییەوە بۆ کوردی:

| دەقەکە بە عەرەبی | وەرگێڕانی هەڵە بۆ کوردی | وەرگێڕانی درووست |
|---|---|---|
| كانت الطيور تحلق في السماء | بالندەكان لە ئاسماندا تەراشیان دەکرد. | باڵندەکەن دایان لە شەقەقەی باڵ |
| ايها الذين كبا بكم فرس الحظ | ئەی ئەوانەی کەبابتان ئەسپی بەختتانە. | ئەی ئەوانەی لە ئەسپی بەخت گلاون |

| | | |
|---|---|---|
| كنت آخذ دشا صباح كل يوم | هەموو بەیانییەک دشام لەگەڵ خۆما دەبرد | هەموو بەیانییەک ئاوێکم بەخۆمدا دەکرد . هەموو بەیانییەک خۆمدەدایە بەر شاوەر. |

لە ئینگلیزییەوە بۆ عەرەبی

| وەرگێڕانی درووست | واتا وەرگێڕانە هەڵەکە | وەرگێڕانی هەڵە بۆ عەرەبی | دەقە ئینگلیزییەکە |
|---|---|---|---|
| بێرگەری مریشک | مریشکە مانگا | دجاج بقري | CHICKEN BURGER |
| بەرووڵە خەیاری لوبنانی ( خەیاری وردو ناسک.) | خەیاری منداڵی لوبنانی! | خيار الطفل اللبناني | LEBANESE BABY CUCUMBER |
| سۆل ( نەعلی) خانمان | خانمانی نەعل! | السيدات النعال | LADIES SLIPPER |
| سۆل ( نەعلی ) پیاوان . | پیاوان نەعلن! | الرجال شبشب | MEN SLIPPER |
| خڕۆکە ماست بە جاترەو ڕۆنی شل | ماست تۆپ جاترە لە نەوتدا! | اللبنة الكرة الزعتر في النفط | LABNEH BALL ZATAR IN OIL |
| هۆڵی نانخواردن | خۆراک دادگا | الغذاء المحكمة | FOOD COURT |
| دابەشکەری ئاوی ساردو گەرم لەگەڵ ئەمباری ئاو | دابەشکەری ئاوی گەرم و سارد لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران | موزع المياه الساخنة والباردة مع مجلس الوزراء | HOT & COLD WATER DISPENSER WITH CABINET |
| گێزەری ئوسترالیا | تەماتەی نهێنیم بپارێزە | طماطم اوستر عليه | CARROT AUSTRALIA |
| قەبارەی ڕام: ١ تیرا بایت | قەبارەی میمۆری ١ دەردی سیل | حجم الذاكرة ١ مرض السل | RAM SIZE: 1 TB: |
| لە تورکیا دروستکراوە | لە قەل دروستکراوە | صنع في ديك رومي | Made in Turkey |

لە عەرەبییەوە بۆ ئینگلیزی:

| دەقە عەرەبییەکە | وەرگێڕانە هەڵەکەی بۆ ئینگلیزی | واتا هەڵەکەی | وەرگێڕانە دروستەکە |
|---|---|---|---|
| بيع الدواجن المذبوحة | SALE OF CHICKEN MURDER | فرۆشتنی کوشتنی مریشک | فرۆشتنی پەلەوەری سەربڕدراو |
| حب أبيض | white love | خۆشەویستیی سپی | دەنکۆڵەی سپی |
| ينسون حب | forget love | خۆشەویستی لەبیر بکە | دەنکۆڵەی گیای یەنسوون( ئەنیس) |
| كيلو مشكل | Kilo problem | کیلۆیەک کێشەو گرفت | یەک کیلۆی تێکەڵ |
| ظروف قاهرة | Cairo envelope | زەرفی قاهیرە | بارودۆخی سەخت |

## ئەنجامەکان

١) پیشەی وەرگێڕان کارامەیی وشارەزابوونە لە کاری وەرگێڕان و چارەسەرکردنی هەموو ئەو گرفتانەی دێنە ڕێگای وەرگێڕانەوە، بەڵام زانستی وەرگێڕان، ئەو لقەی زانستە، کە لێکۆڵینەوە لە وەرگێڕاندا دەکات و ئەو پێوەندییانە دەدۆزێتەوە، کە بە زانستەکانی ترەوەی دەبەستێتەوە.

٢) گرنگترین بنەما لە وەرگێڕاندا ، پسپۆڕییە، واتا ناکرێت وەرگێڕ دەست بۆ هەموو بابەتێک ببات بە مەبەستی وەرگێڕانی، بەڵکو پێویستە ئیش لەو بابەتانەدا بکات، کە پسپۆڕە تیایاندا.

٣) سروشتی میدیا و ئایدیۆلۆجیاو ئەجەندای دەزگای میدیا، کاریگەریيان بەسەر پرۆسەی وەرگێڕانەوە دەبێت.

٤) گرنگە وەرگێڕی میدیایی شارەزایی تەواوی لە هەردوو زانستی (وەرگێڕان) و (میدیا )دا هەبێت.

٥) زۆر گرنگە وەرگێڕ بەگشتی و بەتایبەتیش وەرگێڕی میدیایی، شارەزای کەلتوورو داب و نەریت و ئیدیۆم و مێژووی هەردوو نەتەوەی خاوەن زمانی یەکەم و دووەم بێت بۆ ئەوەی خۆی و وەرگری پەیامەکەیشی نەکەونە دۆخی بەدحاڵیبوون و خراپ تێگەیشتنەوە.

## ڕاسپاردەو پێشنیازەکان:

١. بایەخدانێکی زۆرزیاتر بە خوێندنی وەرگێڕانی میدیایی و ڕاهێنانی چڕو پڕی خوێندکارانی بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆکانی کوردستاندا.

٢. ڕاهێنان و مەشقپێکردنی میدیاکاران لە خولی چڕوپڕی تەکنیکەکانی وەرگێڕانی میدیاییدا.

٣. ڕاهێنانی پسپۆرانی وەرگێڕان لەسەرگشت شێوازو ڕێگەکانی وەرگێڕانی میدیایی و ئاشناکردنیان بە زاروەو دەستەواژە میدیاییەکان.

## سەرچاوەکان:


**بە زمانی کوردی:**

١. عەللاف، پەروین عوسمان مستەفا، واتاو وەرگێڕان- لێکۆڵینەوەیەکی واتاسازییە، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم،٢٠٠٩، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

**بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی:**

١. أبو يوسف، ايناس و أخرون، مبادئ الترجمة و أساسياتها، ٢٠٠٥ القاهرة.

٢. ألبير، أمبارو أوتارو، الترجمة و نظرياتها-مدخل الى علم الترجمة، ترجمة، علي ابراهيم المنوفي، المركز القومي للترجمة، الطبعة الاولى ٢٠٠٧ القاهرة.

٣. بيم، أنطوني، المنهج في تأريخ الترجمة، ترجمة، علي كلفت، المركز القومي للترجمة الطبعة الاولى، ٢٠١٠ القاهرة..

٤. د. محمد عناني، فن الترجمة، مكتبة لبنان والشركة المصرية العالمية للنشر- لونجمان، الطبعة الثالثة، ١٩٩٦.

٥. راتب مشلب، الترجمان المحترف،صناعة الترجمة وأصولها، دار الراتب،ب.ت.

٦. سيلفيا غاميرو بيريز، "تعليم الترجمة العلمية والتقنية"، ترجمة د. عبد الله محمد إجبيلو و د. علي إبراهيم المنوفي، جامعة الملك سعود، ٢٠٠٣ .

٧. عبد الباقي الصافي، الترجمة علم أم فن أم حرفة، مجلة ترجمان، المجلد ١١، العدد ١، نيسان ٢٠٠٢ .

٨. عبد السالم كفافي، في الادب المقارن، ط٢ ،دار الكتاب العربي، ١٩٨٧.

٩. عبد المجيد شكري، فن الترجمة الإعلامية في وسائل الاتصال الجماهيري، دار الفكر العربي، القاهرة، ط١، ٢٠٠٤.

١٠. عوض إبراهيم عوض، الترجمة الإعلامية و إشكاليات الإستخدام، مجلة دراسات إعلامية، كلية الإعلام بجامعة افريقيا العالمية، المجلد الأول، العدد الرابع، كانون الثاني ٢٠١٩.

١١. فائزة القاسم " الترجمة المتخصصة: فرنسي- عربي"، ترجمة د. محمد أحمد طجو مجلة التعريب، العدد ٢٠، كانون الأول ٢٠٠٠ ، ص ص ١٠٩-١٢٠.

١٢. كريستين دوريو، "الترجمة : أهي نقل لغوي أم نقل ثقافي؟ " ترجمة د. رنا رداوي، مركز التوثيق التربوي الفرنسي، دمشق، ١٩٩٨.

١٣. ماريان لوديرير، الترجمة والتأويل: الترجمة نقل للعلامات اللغوية أم صياغة جديدة، ترجمة د. محمد نبيل النحاس الحمصي، مجلة التعريب، العدد ٢٢، كانون الأول/ ديسمبر ٢٠٠١ .

١٤. مندي، جرمي. مدخل إلى دراسات الترجمة: نظريات وتطبيقات. ترجمة هشام علي جواد. ٢٠٠٩.

١٥. منصور، محمد أحمد، الترجمة بين النظرية و التطبيق، دار الكمال للطباعة والنشر، ٢٠٠٦ القاهرة.

١٦. مونان، جورج، علم اللغة و الترجمة، ترجمة أحمد زكريا ابراهيم، الطبعة الاولى ٢٠٠٢، القاهرة.

17. Albat, Thomas Fritz. "Systems and Methods for Automatically Estimating a Translation Time." US Patent 0185235, 19 July 2012.https://bit.ly/3l2cmYB.pdf.

18. Baranyai, T. (2011). The role of translation and interpretation in diplomatic communication. SKASE Journal of Translation and Interpretation, Volumes/JTI06/pdf_doc/01.pdf.

**پێگە ئەلیکترۆنییەکان :**

١. أسامة اسبر، انقاذ حياة واحدة : حول الأدب والترجمة، ١ نيسان ٢٠٢٠، تم الإطلاع عليه في ١٠.٣.٢٠٢٢ online *https://www.jadaliyya.com/Details/40883*

٢. أنواع الترجمة الإعلامية، تم الإطلاع عليه في ١١.٣.٢٠٢٢ ، https://bit.ly/36LBkb2 المنارة للإستشارات online .

٣. أهمية الترجمة الإعلامية لوسائل الإعلام تم الإطلاع عليه في ١٠.٣.٢٠٢٢ *https://bit.ly/3xJXg17* المنارة للإستشارات. *Online*

٤. الترجمة الإعلامية ، تم الإطلاع عليه في ١٥.٣.٢٠٢٢ ، *https://bit.ly/3vCm9tb*

٥. الترجمة، تعريفها، أنواعها، صعوباتها تم الإطلاع عليه في ١٥.٣.٢٠٢٢ *https://bit.ly/3L8cKzQ* *مبتعث للدراسات والإستشارات الأكاديمية.* Online

٦. لبنى مهدي، ماهي صفات مترجم الأخبار في الوسائل الإعلامية؟ تم الإطلاع عليه في١٠.٣.٢٠٢٢، *https://bit.ly/389pmrZ _ اي عربي*. online.

٧. ماهي مشاكل الترجمة، تم الإطلاع عليه في ١٠.٣.٢٠٢٢ . *https://bit.ly/3MuCoz0* موقع الترجمة الأول في الوطن العربي، Translate online .

٨. مشكلات الترجمة و صعوباتها، تم الإطلاع عليه في ١٠.٣.٢٠٢٢ . (*https://bit.ly/3vD3Bc5*) موقع المنارة للأستشارات

٩. مصطفى الحسناوى ، وظيفة الترجمة في العالم الحديث، ٢٠١١، تم الاطلاع عليه في ١٢.٣.٢٠٢٢ ، *https://bit.ly/3rKXkKw* .online

١٠. هاشم كاطع لازم ، تأريخ الترجمة، مؤسسة النور للثقافة والإعلام ، تم الإطلاع عليه في ١١.٣.٢٠٢٢ https://bit.ly/3K5oUbC online

١١. وليد خالد احمد، اساسيات الترجمة ومؤهلات المترجم ، تم الإطلاع عليه في٢٠.٤.٢٠٢٢ ، https://bit.ly/3OvR0QP صحيفة المثقف. online

١٢- Barak Turovsky,2016," Found in translation: More accurate, fluent sentences in Google Translate", Retrieved 15.3.2022, online, https://bit.ly/3LjUhAo

١٣- Richard Nordquist (November 10, 2019), "Translation: Definition and Examples https://bit.ly/3EzSSTX, online, Retrieved 15.3.2022.

١٤- Marie Lebert – Publications, Marie Lebert, 25, march,2022, A short history of translation and translators, Retrieved at 13.4.2022 https://bit.ly/3xMkc00, online.

15- William Craig: The Fall of Japan BBS Publishing Corporation, 1997, Retrieved at 13.5.2022 https://bit.ly/3uD8KRX.

16- https://bit.ly/3ATSMH9, Retrieved at 11.5.2022.

17- Sources: White House lawyers research impeachment - CNNPolitics, Retrieved at 14.5.2022.

**تقنيات الترجمة الإعلامية و أبعادها**

**ملخص البحث:**

**الترجمة هي وسيلة للتواصل فيما بين الافراد و الشعوب عن طريق اللغة. وهو نوع من النشاط الإنساني الذي عمل عليه البشر منذ القدم لتنظيم علاقاتهم مع البيئة المحيطة وتلبية احتياجاتهم المعيشية. الترجمة: تطورت تدريجيا عبر تاريخ البشرية فشملت جوانب مختلفة من الحياة (سواء كانت مادية أو عقلية أو روحية) و اصبحت لها مبادئ والقوانين ومعايير خاصة بها وترسخت تدريجيا ، حتى وصلت إلى عصرنا هذا الذي ينظر إليها من وجهة نظر علمية وفنية، فأصبحت الترجمة علما مستقلا بحد ذاتها، لها العديد من النظريات والتقنيات والأبعاد. واحدة من أكثر المجالات الحساسة التي تلعب فيها الترجمة دورا مهما جدا، هي الاعلام بكل مظاهرها وأدواتها وأساليبها. هنا حاولنا قدر المستطاع و بحسب مايتيحه بحث نظري من هذا النوع واستنادا إلى مصادر علمية: ان ندرس و نتعمق قليلا في المفاهيم والتعاريف الخاصة بالترجمة ، ثم بحثنا في تاريخها ، وأنواعها، وتقنياتها، فأهميتها والعقبات التي تواجه المترجمين وخصصنا فصلا كاملا من بحثنا للترجمة في مجال الإعلام بتفاصيلها وعرضنا نماذج لاخطاء الترجمة في الإعلام العربي والكوردي التقليدي والجديد.**

Media translation techniques and dimensions.

BAHAT HASEEB QARADAKHY[1]. AZAD RAMAZAN ALI[2]

Abstract:
The translation is a means of communicating between individuals and people through language. It is the kind of human activity that humans have worked on since ancient times to organize their relationships with the surrounding environment and meet their living needs.
Translation: Gradually evolved throughout the history of mankind, and included different aspects of life (whether physical, mental ،or spiritual) with many principles, laws ،and criteria gradually established, until it reached our time seen from a scientific and artistic point of view, translation became an independent science, with many theories, techniques, and dimensions.
One of the most sensitive areas in which translation plays a very important role in the media is all its manifestations, tools ، and methods.
According to the field of theoretical research, based on scientific sources: we tried to study the concepts and definitions of translation, and then we discussed its history, types, techniques, importance ،and obstacles facing translators. We then devoted a full chapter of our research to the topic of translation in the field of media.
Keywords: Translation, Technique, media.

[1] Assistant Professor. Media techniques. Erbil Technical Management College.Erbil Polytechnic University.Erbil. Iraq. bahat.ali@epu.edu.iq..
[2] Assistant Professor. Media techniques. Erbil Technical Management College.Erbil Polytechnic University.Erbil. Iraq. azadramazan@epu.edu.iq